دانوستانی عێراق و تورکیا لە بەغدا بۆ پتەوکردنی هاریکاریی دادوەری و یاساییدا

ئەمە یەکشەممە، سەرۆکی ئینجومەنی باڵای دادوەری، دادوەر فایق زێیدان، لەگەڵ هاکان فیدان، وەزیری دەرەوەی تورکیا کۆبووەوە و تاوتوێی هاوکارییەکان لەسەر کەمکردنەوەی بابەتی هاوبەشی دادوەری و یاسایی کرد.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی ئینجومەنی باڵای دادوەری، لە ڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کەوتووە، تیایدا هاتووە : دادوەر "فائق زێدان"سەرۆکی ئینجومەنی باڵای دادوەری، پێشوازی لە "هاکان فیدان"وەزیری دەرەوەی تورکیا و شاندی یاوەریکرد.

وەک لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە : هەردوولا هاوکاری نێوان هەردوو وڵاتیان لە ژمارەیەک پرسی دادوەری و یاسایی هاوبەشدا تاوتوێکرد.